WAZAN AIR
Unforgettable Memories
-Since 2011-

# پرۆگرامی ئیستەنبوڵ

**ڕۆژی یەکەم :** پێشوازی لە فڕۆکەخانە و گەیشتن بە هوتێل و وەرگرتنی ژوورەکان

**ڕۆژی دووەم : گەشتی دوورگەی شازادەکان ، دەریای مەڕمەڕە**
ڕۆشتن لە هۆتێلەکە و چوونە کەشتی ناوچەی ئیمینونو و بە کەشتی بەرەو نزیکترین خاڵ لە بورجی کچان بۆ چێژوەرگرتن لە دیمەنە جوانەکان و دەستپێکردنی گەشتەکەی دوورگەکانی شازادەکان لە ڕێگەی بۆسفۆرەوە بۆ دەریای مەڕمەڕا وە لە ماوەی کاتژمێر و نیوێک لە کات بەسەربردن تا گەیشتن بە دوورگەی هیبیلی کینلی ئادا ماوەی مانەوە ٤٥-٦٠ خولەکە پاشان بەرەو کەشتییەکە دەڕۆین بۆ ئەوەی لە دڵی دەریای مەڕمەڕە نان بخۆین پاشان بەرەو دوورگەی بویوک ئادا دەڕۆین و کاتێکی فری بەسەر دەبەین و دواتر دەگەڕێینەوە بۆ کەشتییەکە و گەڕانەوە بۆ ناوچەی ئیمینونو و پاشان بەرەو هۆتێلەکە دەگەڕێینەوە. گەشتی ئیختیاری گواستنەوە و چوونە ژوورەوە و ژەمی نیوەڕۆ لەخۆدەگرێت

**ڕۆژی سێیەم : گەشتی سەپەنجە و ئیزمیت**
گەشتەکە بە سەردانی باخچەی ئاژەڵان لە ئیزمیت دەست پێدەکەین، کە چێژ لە بینینی جۆرەها ئاژەڵ و ڕووەک وەردەگرین. دوای ئەوە گەشتەکەمان بەرەو دیمەنێکی نایاب دەبێت لە سواربوونی کواد پایسکل لە ناوچە سروشتیەکان دواتر سەردانی گوندی مەحمودیە دەکەین کە دەتوانین ئەزمونی یاری خۆهەڵواسین بە پەتەوە تاقی بکەینەوە پاشان سەردانی کارگەکانی لوقم دەکەین بۆ تامکردنی شیرینیە باوەکانی تورکیا و کارگەی هەنگوین بۆ ئەوەی بزانین چۆن بەرهەم دەهێنرێت ڕۆژەکە کۆتایی پێدەهێنین بە خواردنی نانی نیوەڕۆ لە چێشتخانەیەکی ناوخۆیی لەسەر دەریاچەی سەپەنچە و بەسەربردنی کاتێکی خۆش لە کەنارەکان کە ڕووی لە دەریاچەکە کردووە یان لە یەکێک لە گوندەکانی دراوسێ و دواتر بەرەو هوتێلەکە دەڕۆین گەشتی ئیختیاری

**ڕۆژی چوارەم: گەشتی ئەستەنبوڵ بەشی ئاسیای**
گەشتەکەمان بە چوون بۆ مزگەوتی چاملیجا دەست پێدەکەین مزگەوتی چاملیجا بە گەورەترین مزگەوت لە تورکیا و یەکێک لە دیارترین شوێنە گەشتیارییەکان دادەنرێت، و دواتر دەچین بۆ ئێمار مۆڵی ئەستەنبوڵ، کە شاکارێکی تەلارسازیی مۆدێرنە و بەسەر گەرووی بۆسفۆردا دەڕوانێت، زیاتر لە 200 مارکەی جیهانی لەخۆدەگرێت. پاشان، دەچین بۆ پارکی (نەقاشتەپە) کە دیمەنێکی سەرنجڕاکێشی بەسەر گەرووی بۆسفۆر و پردی شەهیداندا هەیە. ئەم شوێنە لە سەردەمی عوسمانییەکاندا ناوەندێک بووە بۆ وێنەکێشان و نەخشاندن (هەر بۆیە ناوی 'نەقاش'ی لێنراوە)، و ئێستا گۆڕاوە بۆ پارکێکی گشتی (پارکی نەقاشتەپە) کە کورسی بۆ پشوودان و حەوانەوەی لێیە، و بە یەکێک لە باشترین شوێنەکان دادەنرێت دوای ئەوە، دەچین بۆ ئوسکودار بۆ بینینی خۆرئاوابوون لە کەناراوەکانی ئوسکودار لە بەرامبەر تاوەری کچ و چێژوەرگرتن لە دیمەنە دڵڕفێنەکان و پاشان گەڕانەوە بۆ بەشی ئەوروپی بە کە شتی گەشتی ئیختیاری

**ڕۆژی پێنجەم : گەشتی ئیستەنبوڵ بەشی ئەوروپا**
سەردانی پارکی ئەمیرجان دەکەین کە لەسەر دەریای بۆسفۆرە و دیمەنێکی سەرنجڕاکێشی هەیە پاشان دەچین بۆ ناوچەی تەقسیم و شەقامی استقلال ، یەکێک لە ناوەندە گرنگەکانی بازاڕکردن و کات بەسەربردن لە ئیستانبوڵ دواتر سەردانی مۆڵی گالاتا پۆرت دەکەین، کە بە دیمەنە سەرنجڕاکێشەکەی لەسەر دەریای بۆسفۆر ناسراوە پاشان سەردانی ناوچەی ئۆرتاکۆی دە کە ین لە شەودا، کە بە جوانیی ڕووناکییەکانی پردی بۆسفۆر ناسراوە گەشتی ئیختیاری

**ڕۆژی شەشەم: گەشتی قەرنی زێرین**
سەردانی بازاڕی میسری لە ناوچەی ئەمینۆنو بۆ کڕینی بەهارات و دیاری و هەموو جۆرە کاڵایەک پاشان دەچین بۆ ئەو شوێنەی کە دراماکانی لێ وێنە دەگیرێت (دراماي چوکور) و بینینی خانووە ڕەنگاوڕەنگەکان دواتر سە ردانی مۆڵی ڤێنیزیا دە کە ین بۆ بازاڕکردن، لەوێ شاری ڤێنیزیای ئیتاڵی بە شەقام و گۆڕەپان و شوێنەوارە کۆنەکانیەوە دەبینیت و هەست دەکەیت لە کاتی گەشتەکەتدا لە شاری ڤێنیزیای ئیتاڵی دەڕۆیت گەشتی ئیختیاری

لە ئێوارانداا گەشتی ئارەزوومەندانە هەیە لەسەر باخیرەی گەشتیاری لە دەریای بۆسفۆر لە ناوەڕاستی گرنگترین شوێنە جوانەکانی ئیستانبوڵ و چێژوەرگرتن لە جوانترین ساتەکان لەگەڵ گۆرانی و نمایشە فۆلکلۆرییەکان پاشان گەڕانەوە بۆ هوتێل، گەشتی ئیختیاری گواستنەوە و چوونە ژوورەوە و نانخواردن لە خۆدەگرێت

**ڕۆژی حەوتەم:** دوای نانی بەیانی ماڵئاوایی لە ئەستەنبوڵ دەکەین و بەرەو فڕۆکەخانە دەڕۆین بۆ ئەوەی بگەڕێینەوە ماڵەوە

## تێبینی

**هەموو گەشتەکان ئیختیارین و ئەگەری پێشخستن و پاشخستنی برگە و ڕۆژەکانی گەشتەکە هەیە**
**تکایە ئەم پرۆگرامە لەگەڵتان بێت بۆ ئەوەی وردەکاری گەشتەکان بزانن**

### نرخەکان ئەمانە لەخۆدەگرێت

- تکتی ڕۆشتن و گەڕانەوە
- گەیاندنی فڕۆکەخانە بۆ هوتێل و بەپێچەوانە
- هوتێل لەگەڵ نانی بەیانی
- ڕێبەری گەشتیاری بە درێژایی ڕۆژانی گەشتەکە

### نرخەکان ئەمانە لەخۆناگرێت

- داواکاری تایبەت
- گەشتە ئیختیاریەکان
- تکتی چوونە ژورەوەی شوێنی گەشتیاری

WAZAN AIR
Unforgettable Memories
-Since 2011-

# گەشتی ئیستەنبوڵ

AJet

| Hotels | Double Room<br>Tripple Room | 2-6 Years<br>No Bed | 6-10 Years<br>+Extra Bed | Infant | Single<br>Room |
|---|---|---|---|---|---|
| Grand Milan hotel★★★ | 399$ | 299$ | 399$ | 99$ | 529$ |
| Grand S Hotel ★★★★ | 429$ | 329$ | 429$ | 99$ | 549$ |
| Laquinta By Wyndham★★★★★ | 479$ | 379$ | 479$ | 99$ | 649$ |
| All Season Hotel ★★★★ | 479$ | 379$ | 479$ | 99$ | 649$ |
| Berr Hotel ★★★★ | 479$ | 379$ | 479$ | 99$ | 649$ |
| Taxim express hotel ★★★★ | 499$ | 399$ | 499$ | 99$ | 699$ |
| Klas Hotel ★★★★ | 529$ | 429$ | 529$ | 99$ | 779$ |
| Holiday inn Topkapi ★★★★★ | 579$ | 479$ | 579$ | 99$ | 799$ |

